# حزبی شیوعی عێراق- کوردستان
# هەشتا ساڵ لە تەمەن و کۆمەڵێک شکستی،
# بۆچی؟

ئاسۆ بیارەیی ٢٠١٤

**شرۆڤەی زانستی**

**مافی بلاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە تەنها بۆ خودی نووسەرە**

شرۆڤەی زانستی، ئاسۆ یاری

## پێشەکی

حزبی شیوعی عێراق لە بەهاری، ٣١ ی ئازاری ساڵی ١٩٣٤ لە نێو کەش و هەوایەکی ئاڵۆز و پڕ کێشمەکێشی ولاتێکی نوێ، کە تەمەنی لە دەساڵ تێپەرناکا دروست دەبێ و دەبێتە داینەمۆی گردبوونەوەی خەڵکانی زەحمەتکێش و پردی بەستنەوەی بیروباوەرە شۆرشگێرەکان. حزبی شیوعی بەدرێژایی تەمەنی، لە چەند وەزیرێک نەبێ ،ئیدی ئەو شانسەی نەبووە، دەسەلات وەرگرێ، ئەوەش دیسان بەندە بە نەبوونی دیموکراتی و ئاستی هوشیار کۆمەڵگەی کوردستان و عیراقەوە، لە لایەکی دیشەوە پێوەندی بە جۆری سەرکردایەتی کردنی ئەو حزبەوە هەیەو ئەو ئامانجانەی کە دیاری کردوون وەک ستراتیجی، هەروەها شیوازی ئۆرگانیزەکردنی.

حزبی شیوعی عێراق هەردەم کاری لەسەر هوشیارکردنەوەی تاک و کۆمەڵگەکردوە ، بەو ڕەهەند و ئەجێندانەی کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە بیرکردنەوە و هەلسوکەوتی تاکەوە هەیە. واتە بەجەماوەریکردنی پرۆسەی هوشیاری، نەک لە رێگەی کودەتای سەربازی، بەڵکو لەرێگەی شۆڕشی جەماوەرییەوە. هەربۆیەش سەرباری لاوازی، ئا ئەمرۆش زۆربەی ئەندام ولایەنگری ناوەوە و دەروەی، ئاستی هوشیاری هەمەلایەنەیان بەرزە و زۆرجار پێشبینیەکانیان دەربارەی گۆرانکارییەکان راست دەردەچێ، کە دەچنە ناو لایەنێکی دیشەوە خاوەن سەنگێکی تایبەتییان دەبێ.

**زۆر لایەن و کەس، لە نیزیک دوورەوە، لە هاوپەیمان و نەیاری ئەو حزبە، ئەو پرسیارە دەکەن، کە ئایا بۆ ئەو حزبە، دوای ئەو تەمەنە درێژە، هێشتا لەسەرەتایە و ئەو توانا و تینەی جارانی نەماوە. من**

**لەم شرۆڤە ئەکادیمەیەدا، بە پشت بەستن بە کۆمەڵێ سەرچاوە، هەوڵ دەدەم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، و شیکردنەوەیەک بخەمە بەردەست خوێنەران و تێگەیشتنێک نیشان بدەم کە پێوەندی ئەو شکستیانە چی بە فاکتەری دەرەکی و ناوەکی قەوارەی ئەو حزبەوە.**

## لە دایکبوونی حزبی شیوعی

حزبی شیوعی خاوەن میکانیزمێکی خۆڕسکانە، هەڵقولاو لە نیومنداڵدانی چەوساوەکان و کریکاری نەتەوە جیاجیاکانی عیراق دروست بووە، بە پێچەوانەی ئەوانە کە دەڵێن، لە دەروە هاوردەکراوە. ڕایەڵیی ماڵەکەی  ئەو حزبە لەسەر زانستی تیئۆری مارکسیزم، وەک هەر زانستێکی دی بەریوەبردنی کۆمەڵگە، ئەزمونێکی دەولەمەند، سوودی لێ وەرگیراوە، بەلام لەبەر نەبوونی دیموکراتی و دژایەتی توندی هەمەلایەنەو  زۆر خوێناوی نەیارانی، ئەو بیرو باوەرە، حزبی شیوعی نەیتوانیەوە، ئازادانە بەرنامەکەی بخاتە بەردەم جەماوەر.  نەیارە چینایەتییەکانی ئەو حزبە، بواریان بە تاکی کورد و عەرەب نەداوە، کە بەرنامەی ئەو حزبە بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ پیادە بکرێ. هەر لە ریفۆرمی کشتوکاڵ، خوێندن و بیمە خۆرایی و یاسای کار و دامەزراندن و سەروەری ئابوری مرڤەکان و یەکسانی ژنان لە بوارەکانی ژیان، کۆمەڵێک خاڵی کارنامەی ئەو حزبە بوون، لە سەرەتایی دروست بوونیەوە. مەگەر لەوە کارەساتتر هەیە، ئەو مافانە لە جوتیارێک، یان کرێکارێک، لەلایەن نەیارابی ئەو حزبەوە، بشوێنرێن، بۆ نموونە لە ژێر پەردەی ئایندا، یان مافی نەتەوایەتیدا. ئەگەر دەمارگیری نەتەوایەتی عەرەبییش، دیسان لەو حزبەدا زاڵ بووبێ، بەلام دیسان

حزبی شیوعی، یەکەم حزب بووە لە ناوچەدا، دانی بە مافی نەتەوایەتی کورد وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ، ساڵی ١٩٤٤ داناوە بەرنامەشی بۆ چی کردوە، لەوانە ئۆتۆنۆمی وبگرە مافی فیدرالیش یەکێکە لەشاکارەکانی حزبی شیوعی لە کۆنفرانسی پێنج ساڵی ١٩٩٢. لەدروستکردنەوەی حکومەتی عێرقدا ساڵی ٢٠٠٣، حزبە کوردیەکان هیچ بەرنامەیەکی نەتەوایەتییان نەبوو، **هاوڕێ مەجید موسی**، سکرتێری ئەو حزبە، پێشنیاری فیدرالی کردبوو، ئەوە بەرهەمی بیرزانیی شیوعیەکان بوو.

بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم شرۆڤەیە، من هەوڵدەدەم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، کە بۆچی حزبی شیوعی لە ڕوی قەبارەوە هێندە بچوکە زۆر لەئەندام و دۆستی ئەو حزبە لێی دووردەکەونەوە و سەرباری ئەوەش، ئەو حزبی هێشتا بانکێکی زانیاری و سەرچاوەی هوشیارییە لە ناوچە و کوردستاندا.

## شێوازی لاوازکردنی ئەو حزبە لەلایەن نەیار هاوپەیمانەکانیەوە.

ئەوەی حزبی شیوعی بە درێژایی تەمەنی، شرۆڤەی تەواوی لەسەر نەکردوە، میتودی هاوپەیمەنە مێژووییەکانیەتی لە داڕزاندن و هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو و ملشکاندنی کادیر، ئەندامی کارای ئەو حزبەیە، جا ئیدی لە ڕێگەی هێزەوە بێ، یان سامان و هەڵخەڵەندان و گۆشەگیرکردنیان، بەتایبەتی لەو سالانەی دواییدا کە شیوعیەکان دوای پەلاماری نەتەوەیی و بەعسییەکاندا، لەدوو هێرشی مێژووییدا(کۆدەتای هەشتی شوبات ١٩٦٣ و ١٩٧٨).

شیوعیەکان چ وەک ڕێکخراو یان تاکی کارامە و هوشیار، لە زۆر لاوە گەمارو دراوون، ڕێگەیان لێ دەگیرێ بەکاری خۆیان هەڵسن،

ئەو رۆلەیان هەبێ، کە ئامانجەکانی کۆمەڵگە، ئاویتەی ستراتیجیان بکەن و گرێ کوێرەی ئەو کۆسپانە بکەنەوە، کە چینە چەوساوەکان، ئاواتی بۆ دەخوازن. (بروانە ئەحمەد بانیخێلانی، شیوعیەکان).

**پارتی و بەعس**

**باشترین ئامێری پاکسازی بیروباوەری شیوعیەت**

پارتی بەسەرکردایەتی بنەماڵەی بەرزانی و بەرزانی یەکەم (مەلا موستەفای باوک) ڕۆڵێکی دیاری بینیوە لە لاوازکردن و سڕینەوەی ئەو حزبە، بەڵکو باشترین ئامێری سیاسی، سەربازی، هزریی بووە، تا ئەمڕۆش، بۆ لەناوبردنی شیوعیەکان، نەیارانی کۆمۆنیزم و چەپ، بەرابەری ئەمریکا، لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە پارتییان، وەک چەکی کوشندەی لە ناوبردنی شیوعی و چەپەکان، بە تایبەتی لە کوردستان، بەکارهێناوە:-

- سروشتی ئاینی ئەو بنەماڵەیە و ئاستی نزمی گەشەکردن و پێوەرکانی باوکسالاری کە تێیدا هێزە. نەیارەکانی بیری مارکسیزم، هیچ هێزێکی دییان لەوان باشتر نەدۆزیوەتەوە بۆ بەکارهێنانیان، بنەماڵەی بەرزانی و بازنەی بەهێزی دەربەگەکانی ئەو سەردەمە و بگرە ئەمڕۆش، باشترین هێزن، لەلایەن بنەمالەی بەرزانییەوە، ئۆرگانیزەکراون(سازمان کراون) بۆ لێدانی، نەک تەنها شیوعی بەڵکو کپکردنی هەموو دەنگێکی ئازاد و نەتەوەییش (ڕادەستکردنەوەی سلێمانی مەعینی، بروانە مەسعود بارزانی). بۆ نموونە کوشتن و لە ناوبردنی چەپەکان، کۆمەڵکوژی هەکاری سالی ۱۹۸۷(کارەساتی هەکاری ۲۰۱۱ نەوشیروان موستەفا) کە نیزیکە ۱۰۰۰ کادیری کارای چەپی

نێو بزتنەوەی کۆمەڵە بەدەستی کۆلاکە هاوپەیمانەکانی بنەماڵەی بەرزانی لەو ناوچەیە لە ناوبران( بروانە نەوشیروان، کارەساتی هەکاری).ئەدی کۆمەڵکوژی ۲۲ کادیر حزبی شیوعی لەلایەن عیسی سوارەوە سالانی شەست. تەنانەت پارتی دوای ئاشبەتالیش زۆر لە فەرماندەکانی بزوتنەوەی ئەیلول، کە بووبوونە سەرۆک جاش، قیزەونترین رۆلیان بینی لە کۆمەلکوژی نەیارانی پارتی، لە شیوعی و یەکێتی و لایەنەکانی دی، هەروها رۆڵیکی گەورەیان بینی لە پرۆسەی تاوانی ئەنفالدا.

- گوێنەدانی بنەمالەی بەرزانی بە پیرۆزە نەتەوایەتی و نیشتمانیەکان و پێوەندی بەستن لەگەڵ هێزەکانی ناوچە، بەبەراورد لە گەڵ هۆز و تێرە کوردییەکانی دی. بۆ نموونە دوای ڕوخاندنی کۆماری مەهاباد، بێ دوودڵی، ئەو بنەمالەیە و بەسەرۆکایەتی بەرزانی یەکەم(مەلا موستەفای باوک)، پارتی پێوەدنی لەگەڵ دەزگای سیخوری، ڕوس، بریتانیا و ئەمریکا بەست، بەبێ ئەوەی بەرژوەندی نیشتمانی تاک و کۆمەڵگە بایەخی پێبدرێ، بڕوانە فازل براک، لا ۳۷) هەر چەندە ناوبراو زۆر جێگەی متمانە نیە. شایەنی باسە نەشیروان موستەفا لە کتێبی جولانەوە لە ناو بازنەدا، فازل بەراک بە مرۆڤێک دڕندە دەناسێنێ( بروانە لا ۲۱-۲۲).بورهان حاتم گۆمەتاڵ، ساڵح حەیدەری(۱۹۲۲-۲۰۰۱).
- لە باشووری کوردستان، بنەماڵەی بەرزانی، خاوەن پیشەیەکی دیارکراوی ئابوری نەبوون و ناوچەکەشیان لەڕووی جوگرافییەوە، دەڤەرێکی شاخاوییە و ئەو بوارەی بۆ نەرخساندون، کە سەرکردایەتی پارتیشیان گرتووەتە

دەست، لە ڕێگەی گردکردنەوەی سەرۆک دەربەگەکان(بروانە ئەیوب بەرزانی) توانیویانە بە یارمەتی دەزگای سیخوری ولاتانی ناوچە، هەمان ڕیبازی کارکردن، مەبەست ملشکاندنی لایەنکانی دی، بگرێنەوەبەر. ئەگەر بەراورد لە گەڵ ناوچەی شارەزوور و هەورامان بکرێن، دەبینین ئەم دوو ناوچەیی دوایی، دەها پیشەی تیابووە، کە دانیشتوانەکەی تا ڕادەیەک سەربەخۆیی ئابوری هەبووە. بە پێچەوانەوە بنەمالەی بەرزانی بێجگە چالاکی ئاین، ئەوەش بۆ مەبەستی گرتنە دەسەلات، هیچی دیی بەکاریان نەهیناوە.

- نەیارانی چەپ و شیوعی، لە زلهێزەکانی جهیان، پەییان بەو پێوەندییە گیانیەی نیوان هەندێ تیرەی نەتەوەپەرستی ناوچەی موسل بنەماڵەی بەرزانی و بۆ نموونە هۆزی شەمر بردووە، بە تایبەتی دەربەگەکان، کە چۆن، خەڵکیان چەساندوەتەوە. شایەنی باسە، ئەوەی دواتریان(مەبەست هۆزی شەممر) بووەتە لانەی حزبی بەعس و دەمارگیری نەتەوایەتی و ئەنتی شیوعی و چەپ، لە شاری موسڵ خۆی جێگیر کردووە. زلیهێزەکان توانیان ئەو دوو هیزە دژی شوعی پێکەوە لەبەرەیەکدا گرێبدەن. بەپێی ئەیوب بەرزانی( بروانە ل١٢.-١٣)، سەرکردەکانی پارتی و بنەمالەی بەرزانی پەروەردەی هەمان دابونەرینی سیاسی دەمارگیرخوازی نەتەوەییەکانی عەرەبی بوون لە عێراق بە تایبەتی حزبی بەعس.
- بوونی شوێن و جێی بنەماڵەی بەرزانی و تیرەکانی سەر بە ئەوان، لەو ناوچە ستراتیژییە(بارزان) واتە سێکوچەکەی ئیران-عێراق وتورکیا، دیسان هۆکارێکی دی گرنگ بوو

لەبەردەم ئەو هێزە ئەنتی شیوعی و ئازادیخوازانەدا، کە هێزی بنەمەڵەی بەرزانییان لە هێزەکانی دی پێ باشتر بێ بۆ پاراستنی بەرژوەندییەکانی خۆیان و تێکدانی ئارامی و ئاشتەوایی سیاسی-نەتەوەیی- و نیشتمانی ناوچەکە.

سەرباری ئەو هۆکارانەی سەرەوە، کۆمەڵێ فاکتەری دی، ناوخۆیی. لەوانە سۆزی و توکمەیەیی دابونەریتی توندی بنەمالەی بەرزانی، لەوانە زیرەکی بەرزانی یەکەم(مەلاموستەفای باوک) وەک سەرکردەیەکی مەیدانی بنەماڵەیی بۆ گردکردنەوەی تیر و بنەماڵەکانی ناوچە، لە هیزێکی باوکسالاری دەربەگەی توکمەدا و بەوە چاوترسیان بکا، ئەگەر دژی بن، بەرژوەندی ئابوری و دەسەلاتی کۆمەلایەتی خۆیان لەدەست دەدەن و لاسایی حزبی بەعس لە شێوازی سەرکردایەتی کردن، بروانە ئەیوب بەرزانی( بروانە ل.١٢-١٦)،

ئەمریکا و هێزە ئەنتی شیوعی و چەپەکان، لە تێکەڵی پارتی-بەعس، توانییان باشترین داردەستبۆ خۆیان دروست بکەن بۆ لێدان و سەرکوتکردنی هەموو دەنگێکی ئازاد، تاکو بەرژوەندی خۆیان بپارێزن، لەوانەش دەست بەسەراگرتنی سامانی ناوچەکە و وەستان دژی خۆماڵی کردنی نەوت و پرۆسە ریفۆرمی کشتوکاڵ. کە دواتر بە کودەتای هەشتی شوبات ١٩٦٣( کۆتایی پێهات و پارتی وبەعس داهینانیانکرد،مەسعود بارزانی( 2000، ل 69 و 81)لە ئەنفالکردنی حزبی شیوعی و لایەنەکانی دی، بە کەسایەتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیی پارچەکانی دی کوردستانیشەوە.

**ئەحمەد بانیخێلانیش** هەمان هەماهەنگی بەعس و پارتی پشت ڕاست دەکاتەوە لە لێدان و هاوکاری یەکدی بۆ روخاندنی حکومەتەکەی

قاسم، بیرەوەریەکانم(1995، لا 179) و ئاشکراکردنی شیوعیەکان بۆ حەرەس قەومیەکانی کودەتای شوبات، سهیر الناشي (بروانە طوارق الظلام لا ١٨٧) هەمان هاوکاری بەعس و پارتییەکان دەخاتە ڕوو کە چون دەربەگ و هەندێ لایەنگر و سەرکردەی پارتی هاوکاری بەعسییان کردوە تا شیوعیەکان بناسرێن و بگیرێن.

## بەرەی نهێنی و ئاشکرای بەعس–پارتی
## لە پرۆسەی پاکسازی شیوعی و دەنگە ئازادەکاندا.

پارتی بە هەردوو باڵەکەیەوە(مەلایی–جەلالی) لەگەڵ حزبی بەعس، باشترین ئامێری دەستی ئەمریکا و زلهێزەکانی دی بوون(بروانە حەمە سەعەید حەسەن، لە کانی ماسی هەوار کەنار بکوژان(١١–٢–٢٠٠١ کوردستاننێت)، بۆ لە لێدان و بنبڕکردنی بزوتنەوەی شیوعی، مارکسی، چەپ و بگرە ئەو دەنگە نیشتمانی نەتەوەییانەش کە لە ناوچەکدا بۆ ڕزگاری گەلانی خۆیان خەباتیان کردوە.
لە کۆی یادەورییەکانی هینری کیسەنجەردا، جواد مەلا ، بە ڕاشکاوانە باسی ئەوەدەکات، کە چۆن مەلا موستەفا – پارتی، هەردەم بە ئاسانی فریوی پیلانەکانی ئەمریکا و شای ئیرانی خواردوە و تەنانەت کاتێک پیوەندی باشی لە گەڵ روسەکان هەبووە، بەڵام لە ژیرەوە پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا و شای ئیران و مۆسادی ئیسرائیل گرێداوە بۆ لێدانی شیوعی و لایەنی چەپ و کەسانی ئازادیخواز، کە بۆ یەکسانی لە نێو خەڵکدا هەولیان داوە. تەنانەت بە راشکاوی دژی شیوعیە کوردەکان کاری کردوە و بەڵێنیشی داوە کە بابشترین شێواز لاوازیان بکات. بۆ ئەو مەبەستەش سالانە پێنج ملێون دۆلاری وەرگرتووە، بێجگە لەکەرەسەی جەنگ و خواردن و و ئامێری پێوەندی و یارمەتی دی

لۆجستی  وئاسان کردنی هاتووچوو به ریگەی ئیران، سوریا، میسر و ئیسرائیل،(بروانه البارزانی و کیسنجر و الدولة الكوردية لا، ٤٨-٥٦) و له ساڵی ١٩٧٤ قەبارەی ئەو یارمەتیه گەیشتوەته ٧٥ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی  له ساڵێکدا( بروانه لاپەره ٦١).

پێشتریش بەرزانی یارمەتییەکی خەیاڵی له دەزگای سخوری (سی ئای ئەی) ئەمریکی بۆ تەرخانکراوه (بڕوانه هەمان سەرچاوه لا٤٨- ٥٥) که خوی داوه له ٢٥٠ هەزار دۆلار مانگانه. ئەو یارمەتیەش بەو مەرجه دراوه به بەرزانی یەکەم(مەلا موستەفا)، که دژی ڕیفۆرمی کشتوکاڵی بێت و سوپاسی عێراق خەریک بکا، بۆ ئەوەی هێرێش نەکاته سەر ئیسرائیل، پێشتریش بۆ لاوازکردنی حکومەتی قاسم و سەرکەوتنی بەعسییەکان له نسکۆی ٨ی شوباتی ١٩٦٣، بروانه هەمان سەرچاوه(لا ٤٨-٥٦). شایەنی باسه مەلا موستەفا زۆرجار ئەو یارمەتییەی بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنی بنەماڵەکەی خۆی بەکارهێناوه، (بروانه ئەیوب بەرزانی لا ١٤٨). هەروەک چۆن ئیسته بەرزانی دووەم( مەسعود) سامانی باشووری کوردستان بۆ بەهێزکردنی بنەماڵەکەی، نەک خەڵکی کوردستان بەکاردەهێنی و خەڵک بێ موچه دەکا، هەرچەنده له دۆخی ئەمڕۆدا، یەکێتی و لایەنەکانی دیش بەش بران و سەنگەری بێدەنگیيان هەڵبژاردوه.

**له ساڵی ١٩٥٧ دوای ئەوەی بەرەی الاتحاد الوطني)** دروست دەبێ، بەعس دەیەوێ به تەنێ لەگەڵ پارتی هاوپەیمانی دروست بکا، بەلام حزبی شیوعی ئەوەی پێ باش نابێ و به زیانی نەتەوەیی نیشتمانیی دادەنێ، بۆیه بەعسییەکان ڕازی نابن. و دواتر دوای ڕوخاندنی عەبدلکریم قاسم،  و دوور خستنەوەی شیوعیەکان و لێدانیان پێکەوه، پارتی و بەعس پێکدێن و له زۆر ڕووداوی مێژوویدا پێکەوه

بە ئاشکرا و نهێنی هاوکاردەبن، دژی دەنگانی ئازاد،(بڕوانە فازل براک لا. ٤١-٤٥) و مەسعود بارزانی(**"مهدت ثورة ايلول لقيام هذا الانقلاب و كل الانقلابات الاخرى. انقلاب الثامن من شباط، لا 81، مسعود بارزانی 2002".**

پێوەندی نیوان پارتی و ساواکی ئێران و ئەمریکا، دەگاتە ئاستێک کە ئیدی ئەمریکا بە ئاشکرا لە ڕێگەی ئێرانەوە یارمەتی پارتی دەدا بۆ لاوازکردنی عێراق و ڕێگەگرتن لە شیوعیەکان، ئەو یامەرتییە تاکو سالی ١٩٧٥ بەردەوام بوو، کە بەرژوەندییان نەما، بڕییان، بروانە تركيا في الاستراتيجيه الامريكية( د جرجيس لا ١٤- ١٥).

**هاوڕێ مام ساڵح** کە سەرکردەیەکی ناسراوی حزبی شیوعی بووە، بڕوانە( یادەوەییەکانی "وەک خۆی" لا ١٣٤) باسی ئەوە دەکات، کە هەر لە سالانی ١٩٦١ پارتییەکان(دەربەگەکانیان) لە ناوچەی گەرمیان بناری گل و خۆرنەوەزان، شیوعیەکانیان تووشی گەرورەترین ئەشکنجە و ئازار کردوە و بگرە هەندێکیشیان لە ئاودا خنکاندوە و پسولەی هاتوچۆیان بەسەردا سەپاندوون، هەرچەندە خەڵکی ناوچەکە بوون.

**(ئەحمەد بانیخێلانی)ش** کەسەرکردەیەکی دی حزبی شیوعی بووە، لە یادوەرییەکانیدا، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، کە پارتی باشترین لانەی گەرمی دەربەگ و کۆلا و کۆنەپەرستان بووە و دژی ڕیفۆرمی کشتوکاڵ و زۆر ئازاری هاوڕێیانیان داوە(بڕوانە لا. ١٧٤-١٨٠). بگرە زۆر جار پارتی هێندە ئەشکەنجەی شیوعیەکانی داوە، کە زۆربەیان ئاواتەخوازبوون لە زیندانەکانی بەعسدا بمرن، نەک بکەوە زیندانەکانی بنەماڵەی بەرزانی کە زۆرجار لەلایەن ساواکی ئێران و سیخوڕی حکومەتی عێراقەوە سەرپەرشتی کراون.

**حەمە سەعەید حەسەن**، لە کانی ماسی هەوار کەنار بکوژان(١١-٢-٢٠٠١ کوردستاننێت)، باسی ئەوە دەکات، کە چۆن پارتی باڵی ئیبراهیم ئەحمەد، لە بنکەیەکی شاخی (بەمۆ) ١٣ شیوعی دەکوژن، پینجیان گولەباران  و ئەوانی دیش ناچار دەکەن کە خۆیان  فرێدەنە ناو ئاوی سیروانەوە. ئەو رووداوە دوای کودەتای شوباتی ١٩٦٣ بووە بە ئاگاداری سەرکردایەتی پارتی بووە. چونکە سەرکردایەتی پارتی لە باتی سزادان، بکوژەکانی خەلات کردوە و دیاریی پێدراون. بروانە هەمان سەرچاوە.

## پارتی و بەعس دوای ئاش بەتاڵ

دوای ئاشبەتاڵ ١٩٧٥، زۆربەی ئامر هێزەکانی پارتی، دلسۆزترین و بە ئەمەکترین کەسانێک بوون بۆ بەبەعەرەبکردن و بەبەعسیکردنی کۆمەڵگەی، کوردی، بۆ نموونە لە ناوچەی هەورامان و هەڵەبجە، هەر کادیر و یەکێتی قوتابیانی پارتی بوون، بووبوونە بەعسی و خۆپیشاندانیان دەکرد، دروشمی( کل هورامان بعثية) هەڵدەگرت. **محمەد خدر،** کە یادەوەرییەکانی خۆی وەک پێشمەرگەیەک نووسیوەتەوە( هەرچەندە ناوبراو ئێستە پارتییەکی مەلاییە)، ئاوا باسی ئەو ئامر هێزە پارتیانە دەکا، کە چۆن چەند مانگێ دوای ئاشبتەڵ، بوونەتە بەعسی و خەڵکیان ناچار کردوە  لە دەڤەری ڕانیە کە ببێتەە بەعسی(پشوی چیا، لا ٦).

هاوکاری پارتی و بەعس هەر بەوەشەوە نەوەستا، بەڵکو زۆربەی ئەو ئامێر هێزە کۆنانە بوونەتە باشترین داردەست بۆ لێدانی هێزی پێشمەرگە، ئەندامانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و شیوعیەکان. دەها مەفرەزی  تایبەتی فورسانیان( ئەنفالچی و جاش) پێکهێناوە  و

لەوێشەو لەسەنگەرەی بەعسییەکانەوە( له هەمان کاتدا مانەوەش وەک ئەندامی دڵسۆزی پارتی)، قاسمه کوێری کۆیە، تەحسین شاوەیس، قاله فەرەج و دەها ئەنفالچی، له ژێرەوه به فەرمانی پارتی، به دڕندەترین شیواز، پێشمەرگەی شیوعی و یەکێتییان له ناوبردوە، بروانه شەڕەکانی، قزلەر، هومەربل، بۆلقامیش، سویلەمێس که پتر له سەد پێشمەرگەیان لەو جەنگانه بۆ ڕژێمی سەددام شەهیدکردوه. ئەو جگە له سەدەها سیخور و بەعسی، که ئەمڕۆ زۆربەیان له دامەزراوەکانی ئەو حزبەدا کار دەکەن.

## هۆکاره خۆییەکانی پوکانەوەی حزبی شیوعی

**هۆکاری ناوەکی   فرەفاکتەری دی پێکدەهێنن،** که ئەو حزبەی تووشی هاتووه و نەیتوانیوە، بگاته و دەسەلات. لەوانه نەبوونی خوێندنەوەیەکی ڕاستەقینه بۆ هەڵسەگاندن و توانای دامەزراوه و رێکخراوی ئەو حزبە. بۆ نموونه که بەعسییەکان کودەتایان بەهێزێکی چکۆلەوه کرتووه زیندانەکانیان له شیوعی پڕکردوه، ، حەرەس قەومییەکان ووتویانە، ئەگەر بمانزانیبایه که حزبی شیوعی ئەم هەموو ئەندامەی هەیه، هەرگیز نەمان دەوێرا کودەتا بکەین، بروانه توفيق سهر الناشي(طوارق الظلام).

**جیابوونەی عزيز الحاج ساڵی ١٩٦٧** شکستییەکی گەورەی دی بوو، دوای کودەتای هەستی شوباتیٔ ١٩٦٣.  جیابوونەوەیەک که قەوارەی رێکخستنی ئەو حزبەی  دارماند. فراس الحمداني(٢٠٤-٢٢٤). تأملات في الشيوعية. کێشەیەکی دی گەورەی حزبی شیوعی عێراق وابەستەیی به بریارەکانی سۆڤیەت و ئاستی نزمی سەربەخۆیی له کاری رۆژانەیدا. تەنانەت سۆڤیەت لەبەر بەرژوەندی خۆی،

بەرەیەکی نابەرابەر بەسەر ئەو حزبەدا ساڵی ١٩٧٣ سەپاند و گەورەترین زیانی هەمەلایەنی بەو حزبەی گەیاند. ئەو بەرەیە لە کاتیکدا بوو، کە پارتی شەڕی دژی حکومەتی عیراق دوای ساڵیک هەڵگیرساندەوە دووبارە گەورەترین زیان بەر شیوعیەکان و جەماوەرەکەیان کەوت. لە زیندانەکانی رایات و شارباژێر و بادینان، پاکسازی و لە ناوبردنی شیوعیەکان، بەشیوەیەکی بەرفراوان دەستی پێکرد و لایەنگرانی و جەماوەی ئەو حزبە زیانی گەورەیان لێکەوت.

نەبوونی سەکردایەتییەکی بوێر و سەربەخۆ، ئەگەر چی سەلام عادل هاوڕێکانی ، توانیان بەرگەی دڕندەترین ئەشکەنجەی بەعسییەکان بگرن، بەلام دەبوو، ئەو ئازایەتییە لە دەرەوی زیندان، لە شەقام دژی بەعسییەکان بەکاربهێنن. بەداخەوە حزبی شیوعی زۆرجار لێدانی زیندانەکانی بە پالەوانی زانیوە، تاکو، جەنگەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ نەیارانی. هەمان هەڵە ساڵی ١٩٩٤ کاتێکی بوو بەشەڕی لەگەڵ یەکێتی لەسەر شەهید کردنی هاورێ سۆران، لەباتی بەرگری لە هاوڕێکانی، سازشی کرد، ئەوەش بووە هۆی وازهێنانی پتر لە ٤٠٠ پێشمەرگەی ئازاو بە ئەزموون.

بەداخەوە حزبی شیوعی سیاسەتی فریشتەی بۆ پەروەردەی ئەندام و لایەنگرانی پەیرەو دەکرد، ئەوەش لەسالانی شەڕی پارتیزانیدا ڕەنگی دابووەوە. بە پێچەوانەوە لایەنەکانی دی، کە زۆرجار ئەو حزبەیان بۆ سەرخستنی خۆیان بەکار دەهێنا. ئەوە بە ڕوونی لەشەڕی براکوژیدا ڕوویدا، پارتی توانی لەوێشەوە گەورەترین زیان بە حزبی شیوعی بگەیێنێ و خۆشی سەرکەوتوو بمێنێەوە. پتر لە ٧٣

هاوڕێ لە پریسکی شەڕی جەلالی مەلایی لە پشت ئاشان شەهید بوون.

**هۆکاری ناوخۆیی پوکانەوەی** ئەو حزبە زۆرن، لەوانە، نەبوونی هەڵسەنگاندێکی زانستی بۆ شیوازی هاوپەیمانی، و نە بوونی پیوەرەکانی. دوای ئەو هەموو ساڵە کە پارتی، بەدرێژایی مێژووی کە دە هێندەی تاوانی پشت ئاشان شیوعی کوشتوە، هێشتا زۆربەی سەرانی ئەو حزبە، پارتی بە هاوپەیمانی ڕاستەقینەی خۆیان دەزانن، زیانە گیانییەکانی حزبی شیوعی بەدەستی پارتی لەسەرەتای سالانی شەستی سەدەی پێشوەوە تاکو کۆتایی ساڵی ١٩٨٨، وا مەزەندە دەکرێن، کە ژمارەی شەهیدەکان دەگاتە پتر لە ٩٠٠ کادیر پێشکەوتوو و بزوت( **بەداخەوە لەبەر سەلامەتی گیانی هاوڕییانە، ئەو ئەندامانە نەیان وێرا ناوی خۆیان بۆ ئەم شرۆڤەیە تۆمار بکەن کە ئەو راستییانەیان درکاند**).

هۆکاری دی لەوانە **زاڵبوونی پانعەرەبیزم** بەسەر بیرکردنەوەی هەندێ سەرکردەی ئەو حزبەدا، سالح حەیدەری ساڵی ١٩٥٣ پێی وابووە باشووری کوردستان پێویستی بە حزبێکی شیوعی کوردستان بووە، بەلام دەمارگیری نەتەوایەتی عەرەبی زاڵبووە بەسەر سەرکردایەتی ئەوسای حزبی شیوعی، بڕوانە بورهان حاتم گۆمەتاڵ، سالح حەیدەری لا ١٢٥– ١٢٦ ..(١٩٢٢–٢٠٠١). هەر ئەوەش وای کردوە بەشێک لە چەپە کوردەکان لەو حزبە دوورکەوتنەوە. من خۆم وەک ئەندامێکی ئەو حزبە ساڵی ١٩٩٢ بە گوێی خۆم لە کۆنفرانسێکدا گوێم لێ بوو، زەکی خێری و سعادی خێری ووتیان، کورد لەوە زیاتر چی دەوێ، ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە لە

عێراق بە کورد دراوە، پارچەکانی دی کوردستان لە خەویشدا نایبینن" شایەنی باسە هەر ئەو ساتە وازم لەو حزبە هینا.

## دەرئەنجام و پێشنیار

وەلامی پرسگەلی ئەم توێژینەوە دەریدەخات، لە سەر ڕۆشنای ئەو کارەساتانەی کە پارتی بەسەر حزبی شیوعیدا هێناوین، لە کوشتنتی زیندانەکان، کانی ماسی، رایات، هەکاری، و کرێنی دەها کادیر و سەرکردەی، بێجگە لە کوشتنی دەها پشیمەرگەی و ئەندامی، لە رێگەی ئەنفالچیەکانەوە(پارتییەکانی ناو بەعس)، ئەوە درەدەخات کە ئەو حزبە( پارتی) باشترین ئامێری دەستی ئەمریکا و هێزی دژە شیوعی و دەنگانی ئازادە. هینری کیسنجەر بەهەڵە پارتی و لە رێگەی ساواکی ئیرانەوە، بە گاڵتە بەباشترین بریکاری لە ناوبردنی شیوعیەت، دەستنیشان نەکردوە، ئەگەر پارتی ئەو ڕۆڵەی لە خۆیان چێتر پراکتیزە نەکردبێ( بروانە جواد ملا) چاپی سوید. شایەنی باسە بە پێی ئاماری (بروانە شهداء الحزب شهداء الوطن)، کە دە ئەندامی سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق و کوردستان کردویانە، پارتی لە ساڵی دامەزراندییەوە و دەسەڵاتی بەرزانی یەکەمەوە(مەلا موستەفا)، بەهەردوو باڵەکەیەوە، پتر لە ٣٠٠٠ شیوعی و چەپ، کەسانی ڕزگاریخوازی لە باشووری کوردستان و ناوچە، لە ناو بردوە، ئەوە بێجگە لەوانەی بە شێوازی دی، پەکی خستون یان ناچاری کردون خۆیان بفرۆشن.

## پێشنێار و چارەسەر

- هەڵسەنگاندنی هاوپەیمانە کۆن و نوێیەکان، و شرۆڤەکردنی سروشت و ستراتیژیان، دەبێ هەنگاوی یەکەمی

شیوعیەکان بێت، بە تایبەتی پارتی کە بەدرێژایی مێژوو گەورەترین زەبری هەمەلایەنەی لە شیوعیەکان و پرۆسەی دیموکراتی لە باشووری کوردستان و بزوتنەوەکانی ناوچەداوە. سروشتی ئەو حزبە سەلماندی کە هاوپەیمان و دەسکەلای هێزە ئەنتی شیوعی و کۆنپەرەستەکانی ناوچەیە.

- وەلانانی ئەو سەرکردە شیوعی ناکردانە و ئەوانەی کە راستەوخۆ، بۆ لایەنەکانی دی کار دەکەن و گوێگرتن لە گازندە و ڕەخنەی ناوخۆیی و دەرەکی کەسانی دڵسۆز.
- بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری هەمەلایەنەی شیوعی و کەسانی ئازادیخواز ، بۆ ئەوەی بە ئاسانی پەی بەو پیلانانە بەرن کە دژی هێزی شیوعی و هێزی چەپ و کەسایەتی دیموکراتیخواز دەکرێ. دەکرێ لێرەدا کۆمیتەیەک دابمەزرێ بۆ نموونە بۆ کاری چاودێری و نووسیەوەی مێژووی شوعیەکان. ئەگەر حزبی شیوعی ئەوەی بکردایە، پارتی چۆن وێری دەکرد، بۆ نموونە، داستانی هەندرێن بکا بەهی خۆی و بەرهەمی شیوعیەکان ساختە بکا! یان بەرگری لەو ئەنفالچیانە بکا کە دەها وهاوڕێ و مرۆڤی کوردیان ئەنفالکردوە.
- ئاوێتەکردنی دروشم و پلانەکانەکانی ئەو حزبە لەداخوازیەکانی جەماوەر و چونە ناوخەڵکەوە بەشیوەیەکی ڕاستەوخۆ و شیکاری بەردەوامی ئەگەرەکان.
- هەڵمەتێکی بەرفراوانی ئاشتکردنەوەی خێزانی شەهیدان و هاوڕییانی دەروەی حزب.
- بریار وەرگرتن لە ڕووداوەچارەنووسازەکاندا، بەتاتیبەتی ناوچەیی و نەتەوایەتی و جیهانیدا. بۆ نموونە ئەو(چاڵە

سەنگەرەی) کە پارتی ئاشکرا سنوورەکانی نیوان خۆرائاوا و باشووری کوردستانی بۆ تۆرانیەکان جیاکردوەتەوە و ڕۆلێ ژەندرمەی تۆرانی دەبینێ.

- نووسینەوەی ئامارەکانی ئەو زیانەنی کە پارتی لە مێژووی دروستبوونیەوە تاکو ئەمڕۆ بە حزبی شیوعی و لایەن وکەسانی ئازادیخوازی ناوچەکەی گەیاندوە.

لەگەڵ کۆمەڵێک پێشنیاری دی..............

شرۆڤەی زانستی، ئاسۆ یارەی

## کۆتایی

- بە هیوام هەموو کەسێکی چەپ و ئازادیخواز ئەم شرۆڤەیەم بخوێنێتەوە، بەتایبەتی ئەو هاوڕێ کادیرە گەنجانەی کە دەیانەوێ خزمەتی چەپ و کار بۆ سەرخستنی دۆزی نیشتیمانی و چینایەتی کۆمەڵی کوردی بکەن.
- هیوادارم ئەو سەرکردە چەپانەی، کە پارتی و بۆرژوایی پاشکەوتوی بنەماڵەیی کوردی وەک فریادڕەش دەزانن، ویژدانیان بجولێ و چاوێکی بەو سازش و خۆ بەکەمزانینەدا، لە ئاستی بنەماڵەیەکی بازرگانی وەک پارتی و ئەوانی دیدا بخشێننەوە و درێغی نەکەن لەوتنی ڕاستییەکان.
- داوام وایە، ئەو سەرکردە چەپانەی کە لە مژارەکاندا، ڕووداوە مێژووەکاندا بەشدار بوون، ڕاستگۆبن لە گەڵ هاوڕێکانیدا و کەموکوڕییەکانی بخەنە بەردەمییان.

ئاسۆ بیارەیی
پایزی ٢٠١٤ سوێد

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەی کوردی:-


- نەوشێروان موستەفا.(٢٠١١) کارەساتی هەکاری، چاپی چوارەم. چاپی کتێبخانەی شەهید عەلی باپیر. سلێمانی.
- ئەحمەد بانیخێلانی(١٩٢٥-٢٠١٣). یادەوەرییەکانم. سوێد- ستۆکهۆڵم ١٩٩٧
- بورهان حاتم گۆمەتاڵ، ساڵح حەیدەری(١٩٢٢-٢٠٠١). ڕۆڵی ڕووناکبیری، چاپی یەکەم ٢٠١٢ هەولێر.
- نەوشیروان موستەفا. خولانەوە لە ناو بازنەدا. دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٨٤- ١٩٨٨. چاپ ساڵی ١٩٩٩ مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان
- موحەمەد خدر. پشیوی چیا، چمکێک لەبیرەوەرییەکانی پێشمەرگەیک. ٢٠١٢. هەولێر: چاپخانەی موکریان
- بروانە هەلسەنگاندنی قیادە موەقەتە ١٩٧٦چاپی هەمان ساڵ
- مام ساڵح(فەخرەدین تاڵەبانی). (٢٠٠٦) چاپی یەکەم.


## سەرچاوەی عەرەبی:-


- فراس الحمداني(٢٠١٣). تأملات في الشيوعية، طبعة كندا
- د. جرجيس حسن(١٩٩٠) الطبعة الاولیٰ. تركيا في الاستراتيجية الامريكيه. دمشق مطبعة الجاحظ
- دكتور فازل براک بين مصطفیٰ البارزانی الاسطورة و الحقيقة. بغداد ١٩٨٩
- مسعود البارزاني( ١٩٦٣-١٩٧٥ والحركة التحررية الكوردية، الجزء الثالث، أربيل ٢٠٠٢
- توفيق سهر الناشي. طوارق الظلام. مطبعة ڤيشون ميديا، سويد ٢٠٠٩
- جواد ملا،( ١٩٩٠)البارزانی و كيسنجر و الدولة الكوردية. أربيل: الطبعة الاولیٰ

- شهداء الحزب، شهداء الوطن ١٩٣٤-١٩٧٨. دار النشر فيشون ميديا، سوێد ٢٠٠١

شرۆڤەی زانستی. ئاسۆ بیارەی



## ئاسۆ بیارەیی

شوێنی لە دایک بوون: شاری سلێمانی
خوێندن:شەشی وێژەیی لە سلێمانی وخوێندنی باڵاله
کۆلێژی سۆسیال سایکۆلۆژی (پلەی ماجستێر) لە وڵاتی سوێد تەواوکردووه
بەرهەم :
کۆمەڵێک هونراوه، ساتیر،وتاری ڕۆژانه وچەندراپۆرتی زانستی
لە سەردەروونناسی کۆمەڵایەتی لە هەندێ ڕۆژنامەوسایت.
١ .کەیسی زمانی یەکگرتوو .دید و بۆچون .
٢. تیزی زانستی بەزمانی سوێدی ، پەروەردەی پێچەوانه،تیزی
(ماستەر ئاستییەک) ماجستێر. بەزمانی سوێد
٣ .ئاستەنگیەکانی پێشکەوتنی ئافرەتی(ژنانوکچان) ڕەوندیکورد.
توێژینەوەیزانستی ٢٠٠٩.
٤ .گرنگی یاری بۆ منداڵان. توێژینەوه ژیانی منداڵان لەوەستانێکدا
دەستدرێژی سێکس ئینسێست بەنموونه ٢٠١٠
٥ .لە ئامێزیسۆشیال سایکۆلۆژیدا٢٠٠٦-٢٠٠٩ بەرگی کۆمەڵێک توێژینەوەی
زانستی
٦ .چەند شارۆیەک* لە نێو لاپەرەکانی شۆڕشی ئەیلولدا. توێژینەوەی
سۆشیال سایکۆلۆژی دەربارەی بزوتنەوەی ئەیلول
٧ .سەرنووسەری گۆڤاری هۆرامان لەساڵ٢٠٠٥ تا ٢٠١٠
٨ .یاداشتەکانی خامەی پێشمەرگەیەک، ١٩٨٣-١٩٨٨ چاپخانەی ڕەنج سلێمانی
٢٠١٥
٩. ئاوارەکانی بناری ئەودیوی چیا، چاپجانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠١٥
١٠. خەتەنەکردنی کچان،تێکدان و شێواندنی جەستەیی و دەروونی نیوەی
کۆمەڵگەیه
١١. دۆزی نەتەوایەتی ٢٠١٢
**١٢** .ژنانی کورد و ساتەکانیان لە ڕۆژانی ئەنفالدا . چاپخانەی مارگرێتا، سلێمانی
.٢٠١٣

١٣. گۆڕانێک پێش گوڵکردنی،  ئامادەیە بۆ چاپ.  ٢٠١٦

شرۆڤەی زانستی، ئاسۆی یارەی

# Kurdistan–Iraq Communist Party
# Eighty Years Of some failures and Why?

Historical Analys.

By: Asso Byari 2014 Swedcn